پۆشتەوشیك بوو,دەهات و سووکوباریك کتێبەکەی وەردەگرتەوەو دەریدەکردینە دەرەوە, بەلاّم هەرگیز نەیدەوت جارێکی دیکە نەیەنەوە! سالاّنێکی دوورودرێژ تێپەرین و کتێبخانە گوێزرایەوە شوێنی ئێستاو هەر ئەو پیاوە ئێسك سووکەش بەرێوەبەرە و ئینجا زانیم یادی بەخێر ناوی عەبدلکەریم عارف و ئەندامی سەرکردایەتی کاژیکیشە, جیگەی داخە شەوێك لەیەکێك لەئوتێلەکانی بەغدا(گیان دەسپێرێت) ... دووەمین بەرهەمی مامۆستا نەبەز کەمن خوێندمەوە چیرۆکێك بوو بەناوی(ئەمرەکەی بەگم) , ئەمە وەها, هەتا سالّی 1962 دەستیان بۆ پیاوێکی بالاّمەیلەوبەرزی سوورو سپی چاو سەوزو رووخۆش راکێشا(ئەوەجەمال نەبەزە!) ئیتر من ئەو پیاوەم بەبینین نەبینییەوە(بەرهەمەکانی دەگەیشتە هاوبیرانی کاژیك لە کوردستان) هەتاسالّی 1994 گەیشتمە ڤییەننا وهاورێی دلّسۆزم ئەندازیار ئازادحەمە عەلی وتی خۆشی لەخۆت سبەینی دەچین بۆسیمینارەکەی دکتۆر جەمال نەبەز....لەهۆلّەکەدا هەرچاوم دەگێرِاو ملەقوتەم بوو, بەلاّم ئەو جەمال نەبەزەم بەرچاونەکەوت کەلەبیرەوەریمدابوو, یا لە وینە فۆتۆگرافەکەی لەسەر گۆڕەکەی شەهید لەتیف عەلی گرتوویەتی وناردبوویەوە بۆهاوبیرانی کاژیك , وتم ئەری کاکە ئازاد ئەوە دکتۆر نەبەز بۆنەهات؟ وتی ئەی ئەوەنییە دانیشتووە, ئەوەی کراسە رەنگاورەنگەکەی لەبەردایە, باوەرم نەکرد وتم ئای کەچەند گۆرراوە.سیمینارەکەی بەزمانی ئەلّەمانی پێشکەشکردو منیش تەقەی سەرم دەهات و وامدەزانی گوێزم بۆدەژمێرن , کەتەواوبوو چوومە بەردەمی وەك هاوبیریك خۆم پێناساند و هەندیك باسوخواسی کاژیك و پاسۆکم وروژاند بەلاّم ئەو هەر زۆر سارد و سڕ بوو, وایدەزانی هاتووم لەپەنا ئەودا کوردایەتی یا حیزبایەتی بکەم! نە وەلاّمێك , نە روونکردنەوەیەك , نە کۆمێنتێك. بەرەکەتدا لەم کتێبەدا زۆریك لەو باسوخواسانەی(بن بەڕە)کەی خستۆتە سەر (بەڕە)کە .

بەرهەمەکانی مامۆستا لەژماردن نایەن کەهەرهەموویانیش بەئەرك و ماندوبوون وپارەی خۆی چاپ و بلاّوکردوونەتەوە,هەر لە وتارەکانییەوە بیگرە لەرۆژنامەکانی بەغدادا, وەك وتاری بەرپەرچدانەوەی درۆ و دەلەسەکانی کونسولّگەری عێراق لەلوبنان بەزمانی عارەبی لە1966/5/10دا و بەناونیشانی(أنتم مجرموا حرب ولستم کحکام سویسرا) ئێوە وەك فەرمانڕەواکانی سویسرا نین بەلّکو تاوانکارانی جەنگن.نووسینەکانی لە رۆژنامەی(صوت ألاهالی)بەغدادا, بەناوی نهێنی (صامدالکوردستانی) و ج.أ.کلۆلّ,لەبەرچەرچدانەوەی دوو وتاری بەرێزان بەهادین نوری و مەسعوودی مەلامحەمەدی کۆیی, هەتا بیرخەرەوەیەك بەزمانی عارەبی لە1964/5/3دا بۆ بارزانی مستەفالەبارەی هەلّوێستی جەمال عەبدولناسرەوە لەمەڕکێشەی کوردو بەنێوی سەرکردایەتی باشووری کوردستانەوە نووسیبووی .( کاژیك و نەبەز لەورووەوەو لەخوێندنەوەی هەلّوێستی

بەلام لە سەرو بەندی یەککگرتنی پاسۆك و حیزبی سۆسیالیستی کوردستان و دواتر یوکگرتنی سێقۆلی لەگەڵ پارتی گەل بۆ دروستکردنی هێزێك بەرامبەر یەکێتی و پارتی, زاراوەی ( هێزی سێیەم) بلاوبووەوە و نزیکەی ساڵێك بەسەرزارانەوە بوو هەتا هەرسێکیان پێکەوە چوونە نێو پارتی وفیکەی کۆتایی گەمە!کەش لێدرا.

لا.2: (... پەرتووکی جۆراوجۆرمان دەخوێندەوەو هەوڵی فێربوونی شتی نوێمان دەدا. لەوهاوڕێیانە مامۆستا فایەق ئارف ,دکتۆر ئەلی, مامۆستا ئەبدوڵلا میدیا,مامۆستا ئەبدوڵلا زێباری, بەرێز ئەحمەد سمێڵ کاکەیی , مامۆستا جەلال تۆفیق , شێخ ئەحمەد نەقیب , مەلا ئەبدوولی مەلا سەئید و چەند هاوڕێیەکی دیی . بەتێپەڕبوونی کات پەیوەندیم لەگەڵ کاك کامیل ژیر بەهێزبوو ...)

* پێدەچێت ناوی مامۆستا نوری عەبدوڵلا(ناسراو بە مەلا نوری) بەرچاپ نەکەوتبێت .ئەو بەڕێزانە لە پیاوە ناسراوەکانی سلێمانی بوون , مامۆستا فایەق(فیزیا) و مامۆستا نوری(زمان و وێژەی عەرەب) لای خوێندکاران زۆر بەڕێزو خۆشەویست بوون , لەبەردەستی هەردووکیاندا خوێندکاربووم لە دواناوەندی وەتەن. لەرووی کۆمەلایەتییەوە هاوکاریی خوێندکاریان دەکرد.مامۆستایان عەبدوڵلامیدیا و عەبدوڵلا زیباری دووماماستای خوێنی سەرەتایی دڵسۆز و کوردپەروەربوون , زێباری لەسەر کوردایەتی دوورخرابووەوە بۆ سلێمانی, لە رقی میریی بە شاڵو شەپیلکەوە دەهاتە بازاڕ.بەلام کاك جەلال تۆفیق مامۆستا نەبوو, دۆکانێکی رازاوەی هەبوو بۆ فرۆشتنی کالای کارەبایی ناومالّ, محەمەدی کوڕی لە رێکخستنەکانی کاژیکدابوو. شێخ ئەحمەدیش کوڕی شێخ رەوفی کوڕی سەیید نوری نەقیبە ولە بنەماڵەی شێخی کوردان, شێخ مەحموودی مەلیکی کوردستانە, خاوەنی ئەو مڵکانەی دەوروبەری مزگەوتی نەقیب ومزگەوتەکەشن .بەداخەوە بەرێزان مەلاعەبدوول و ئەحمەد سمێڵ کاکەیی ناناسم.

لا.3: ... ( پێموابوو, ئێستەش پێموایە کۆمەڵگەی کورد کۆمەڵگەیەکە لەبنەڕەتەوە سەقەتە و پێویستی بەخۆدروستکردنەوە وخۆناسین و باوەڕ بەخۆهێنان هەیە و دەبێ جارێ خەریکی رۆشنکاریی بین , بەتایبەتی بۆ ئەو سەردەمە کە رێبازی کۆمۆنیستێتی سەربە سۆڤێت و چین بەرچاوی گەنجی کوردی بەتەواوی گرتبوو, رێی نەدەدا هیچ جۆرە بیرۆکەیەکی دیی لەکوردستاندا رووناکی ببینێ, خۆئەگەر بیرۆکەیەکی دیکە سەریهەڵبدایە , ئەوا ئەوەی بەفیتی ئیمپریالیزم و زایۆنیزم و چی وچی لێکدەدایەوە .)

*مامۆستا دەق پێکاوێتی , کۆمەڵگەی کوردەواری سەقەتە وهەر بە سەقەتیش هاتووە, ئەم سەقەتییەش چەن نەوەیەك دەپێچێتەوە ئینجا دێتە سەرباری دروستەکە. کۆمۆنیستەکانیش هەر لە1934ەوە گۆڕەپانی بیر

*ئەوە گرنگ نییە کەی ناوی کاژیکی بیستووە یا زانیویّتی ریّکخراویّکە و هەیە ئەوەی ئاسایی نییە, لە ریّکخراویّکی وەها توندوتۆلّدا, کەسیّك لەماوەی پیّنج سالّ کەمتردا , بەسەر چەندین کادیری پیّشکەوتوو, ئەندامی لقدا بازبدات و ببیّتە بەرپرسی لقی کوردستان . دەلّیّم لقی کوردستان چونکە کاژیك تەنها لقی کوردستان و لقی ئەورووپای هەبوو .

لا.107: لیّرەدا هیّندەك پرسیار هەن کە دەبیّ هاوبیران کامیل ژیر و فایەق ئارف وەلاّمی بدەنەوە {لە دامەزریّنەران و سەرکردایەتیی تەنها ئەو دووانە لە ژیاندا ماون.ن. ك} : بۆچی کاژیك کە هیّندە بە نهیّنی کاریدەکرد, دەرگەی خۆی هەروا بە ئاسانی بۆ(پارتی گەلی کورد) خستە سەرپشت؟ پارتی کە ئەو هەموو کین و دوژمنایەتییەی هەبوو بەرامبەر کاژیك, کاتیّك محەمەد ئەزیز و محەمەد هەرسین چوونە نیّو پارتییەوە . بۆچی پارتی هیچ وشەیەکی دژ بە(پارتی گەلی کورد) و ئەم دووکەسە پیّ نەبوو؟

*سەرانی پارتی و شۆرِش نەیاندەزانی ئەو دوو کەسە دامەزریّنەری ( پارتی گەلی کورد بوون ) و لەگەلّ کاژیك دا یەکیانگرتووە. ئایا ناردنی ئەو دووانە برِیاریّکی سەرپیّیی بوو, یا (سەرکردایەتییەکە) بۆ ئامانجیك برِیاری لەسەردا ؟ بەهەرحالّ ئەوانە هە کەگەیشتنە پەنا بارزانی , بەرگوکالاّی کاژیك توورِدەدەن و بوونە مەلایی عەیاری 24.ناحەزانی کاژیکیش لەهەرپلەوپایەیەکدا بووبن هەرگیز نەیاندەتوانی لەبەردەمی ئەوان و فەتاح ئاغادا بلّیّن لەل. سالّی 1971 ئەندامانی لقی چواری سلیّمانی فەتاح ئاغا بانگدەکەن بۆ نانخواردنی ئیّوارە لە ئوتیل ئاشتی, بەلاّم نەك بۆ ریّزلیّنان , بەلّکو بەوناوەوە و لەسەر میّزی مەیخواردنەوە دابەزنە سەری و داخی دلّیانی پیّبرِیّژن , بەلاّم ئەو پیّشدەستی دەکات و وەك لیّزمەی باران دەباریّتە سەریان و شەهید نووری شەریف لەگەلّیّدابوو,گیّرِایەوە وتی (سووك و سەلیمی کردن !)

لا.108: (...ئەز ویّنەیەکیی گۆرِەکەی هاوبیر لەتیف ئەلیم نارد بۆ ئەبدوللّا ئاگرین...)

*ئەوە 1968 بوو, من ئەوکاتە پەیوەندیم بە کاك عەبدوللاّوە بوو, ویّنەکەی لە زەرفیّکدا دەرهیّنا دیاربوو لە ئەورووپاوە هاتووە, ئەگەر هەلّەنەبم بەناونیشانی بەریّز دایکی مامۆستا نەبەزەوە نووسرابوو, پیّشانیدام و وتی ئەوە یەکەمین شەهیدی کاژیکە . ویّنەکە : ئافرەتیّك ومامۆستانەبەز لەسەر گۆرِەکەی شەهیدی جوانەمەرگ هاوبیر لەتیف عەلی وەستاون . هەردوکمان واماندەزانی ئافرەتەکە هاورِیّی مامۆستایە. ئیّمە کەوتینە ولاّتی ئەلّەمانیاو هاوبیر بروسکە ئیبراهیم و (ئیرمگارد) ی هاوسەری بوونە میوانمان لە شاری ئاخن ـ ئەلّەمانیاو شەو قسەو باسەکانمان هاتە سەر شەهید لەتیف وهەلّبەستە بە سۆزەکەی شیّرکۆ بیّکەس لە دیوانی

هاوكارییەكی رووكەشی میریشی دەكرد, بەلاّم نەك وەكو سیخورِو بەكرێگیراو, نەخێر.... سالّی1962 كۆمۆنیستەكان تەقەیان لێكرد و پارتیش تەقەی لە عەلی حاجی مەلاشەریفی سەعاتچی كرد, هەردووكیان بریندار‌بوون و پێكەوە لەنەخۆشخانەی سلێمانی كەوتبوون .چالاك بە عەلی دەلّێت :" عەلی مـن گوللەی شیوعیم بەركەوتووە,چاكدەبمەوە, بەلاّم تۆ گوللەی شۆڕشی كوردت بەركەوتووە دەتكوژێت .هەر بەو جۆرەش بوو ئەو پیاوە دووای دوو رۆژ كۆیدوایی كرد و چالاكیش چووە ریزی شۆڕشەوە . هەر ئەو سالاّنەمحەمەد حەمە ئەمین شارباژێڕی, ناسراو بە كاكەی فەلاح , بەرپرسی رێكخستنەكانی سلێمانی و كەركووك ـ پارتی كۆمۆنیست دەستی لەو كێشایەوە و بۆ یادی مالّئاواییش هەلّبەستە بەنێوبانگەكەی گولّی ژالّە دەنووسێت , ئەم دەمە هەر ئەم دوونیوە دێڕەم لەیادە :

گولّی ژالّە برِۆ بمرە هەتا جاو مفت و هەرزانە

ئەوی دەستی بەزاخا چوو لەسەر تۆ مالّی وێرانە

دووا وتەش دلّنیام مامۆستای بیریی كوردایەتیی بەدلّفراوانیی خۆی دەمبەخشێت ئەگەر سنووری مامۆستا و قوتابیم بەزاندبێت و مەبەستیشم خزمەتێكی بچووكە بە كولتووری بزاڤی نەتەوەیی كورد.

بچووكتان / نوری كەریم

ئەلّەمانیا,ئاخن 2015/12/12

Email_nurikarim@hotmail.de

❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊